# کفری و خانەقین لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا

**د. نعمەت شەهاب کەوانی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین
nimat.haji@su.edu.krd
**پ. ی. د. شوان محەممەد ئەمین تەها خۆشناو**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین
shwan.taha@su.edu.krd

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١١/١٦ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەنجامەکانی، لە لای گەلانی ئیمپراتۆریەتی عو سمانی، بریتی بوو لە زۆرانبازی لە نێوان دوو باوەڕی سەرەکی لە سەردەمەکەدا، ئەوانیش باوەڕی ئایینی ئیسلامی بە لای تورک، کورد، عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی وەک باوەڕی مە سیحی، ئەرمەنی و ئا سوورییەوە، هاوکات باوەڕی نەتەوەیی و ئازادی و دەوڵەتی نەتەوەئیش، بەلای هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ناو دەوڵەتی عوو سمانییەوە جێگەی سەرنج و تێڕامانێکی قوول بوون، کە لە لایەن هاوپەیمانەکانیش بۆ سیاسەتی قۆناغەکە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا. بێ گومان بێ لێکدانەوەیەکی زانستیانە بۆ هۆکارە پاڵنەرەکانی ئایینی، نەتەوەیی و تێگەیشتنی ئامانجە دیار و نادیارەکانی لایەنە بە شداربووەکانی جەنگی گەورە، لە ڕووداوەکان و لە ئاکامەکانیان تێناگەین، بۆیە دەبێ قەیرانی ئابووری، برسێتی و ماڵوێرانی خەڵک و ئاستی هۆشیاریی لایەنەکانی زۆرانبازی، حسێبی تایبەتییان بۆ بکرێ و بە وانەی پێش خۆیان و داهاتووەوە ببەسترێنەوە. لە کاتی جەنگ و تەنانەت دوای جەنگیش لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد لەو پەڕی مەترسی و پەشۆکاویدا بوو. هەر دوو دیوی کوردستان واتا کوردستانی عوسمانی و ئێرانی (قاجاری)، دوو ناوچەی سەرەکی بوون لە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی دەوڵەتانی زلهێز. لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ دراوە بە هۆی تیشک خستنە سەر تارمایی بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییە ئاگادارەکانە وە، بە مەبە ستی دە ستەبەرکردنی زانیاریی نوێ، پێگەی گرنگ و هەستیاری ناوچە ستراتێژییەکانی **کفری و خانەقین** لە هاوکێشە سیاسیی و سەربازییەکانی دەوڵەتی بریتانیا لە

ماوەی ســاڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، بخرێتە بەر باس و تێڕوانینێکی زانســتیانە و بەرجەســتە بکرێت، کە تاکو ئێستا وەک پێویست لە سەرچاوە مێژووییە ناوخۆییەکانی ئێمە، گرنگیی پێنەدراوە.

**وشە سەرەکییەکان:**

جەنگی یەکەمی جیهانی، گەلی کورد، کفری و خانەقین، دەوڵەتی بریتانیا، هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان.

**الملخص**

كانت الحرب العالمية الأولى و عواقبها، بالنسبة لشعوب الإمبراطورية العثمانية، صراعاً بين معتقدين رئيسيين في ذلك الوقت و هما المعتقد الإسلامي عند الأتراك و الأكراد والعرب و المكونات الأخرى كالمسيحية و الأرمن و الآشوريين، فضـلاً عن المعتقدات القومية و الحرية و الدولة القومية، كانت هذه القضـايا محل اهتمام عميق من جانب جميع الطوائف الدينية و العرقية في الإمبراطورية العثمانية، و أعطتها الحلفاء أهمية كبيرة لسـياسـة تلك الفترة. لا شـك أنه بدون تفسير علمي للدوافع الدينية و العرقية و فهم الأهداف الواضحة و غير الواضحة للأطراف المشاركة في الحرب العظمى، لا يمكننا فهم الأحداث و عواقبها، لذلك يجب أن تؤخذ في الاعتبار الأزمة الاقتصادية و الجوع و نهامة الشعب و مسـتوى وعي الأطراف المتصـارعة مع وربطها بدروس الماضـي و المسـتقبل. خلال الحرب و حتى بعد الحرب، كان الوضـع الاقتصـادي و الاجتماعي الكردي في خطر وتعقيد، كان كلا جانبي كردسـتان، كردسـتان العثمانية و كردسـتان الإيرانية (القاجارية)، منطقتين رئيسـيتين في سـاحة المعركة للدول القوية. في هذه الدراسـة، تم تسـليط الضـوء على سواد الوثائق و المصادر التاريخية، من أجل الحصول على معلومات جديدة، و الموقع الهام و الحساس لمنطقتي كفري و خانقين الاسـتراتيجية في المعادلات السـياسـية والعسـكرية للدولة البريطانية أثناء فترة الحرب العالمية الأولى، وأن تتناول مناقشة و رؤية علمية ملموسة، التي لم تحظ بالاهتمام المناسب في مصادرنا التاريخية المحلية.

**الكلمات المفتاحية:**

الحرب العالمية الأولى، الشعب الكردي، كفري و خانقين، الدولة البريطانية، المعادلات السياسية و العسكرية.

**Summary:**

World War I and its consequences for the peoples of the Ottoman Empire was a wrestling between two main beliefs at that time, namely the belief of Islam among the Turks, Kurds, Arabs and other communities such as Christianity, Armenians and Assyrians, as well as national beliefs, freedom and the nation-state. These were of deep concern to all the religious and ethnic communities within the Ottoman Empire, and were given great importance by the allies for the policy of that period. Of course, without a scientific interpretation of the motivations of national religion and an understanding of the obvious and unknown goals of the parties involved in the Great War, we cannot understand the events and their consequences: economic crisis, hunger and destruction of the people and the level of awareness of the parties involved. They should be given special accounts and linked to those before them and the future. During and even after the war, the Kurdish economy and society were in great

danger. Both sides of Kurdistan - Ottoman and Iranian (Qajar) Kurdistan - were two main areas on the battlefield of the great powers.

In this research, an attempt has been made to highlight the documents and historical sources and in order to obtain new information, the important and sensitive position of the strategic areas of Kufri and Khanaqin and the British political and military equations during the years of World War I should be discussed and reflected in a scientific way, which has not been given enough attention in our domestic historical sources.

**Keywords**:

World War I, Kurdish people, Kufri and Khanaqin, the British state, political and military equations.

**پێشەکی**:

جەنگی یەکەمی جیهانیی، کە لە ٢٨ی تەمووزی ١٩١٤دە ستی پێ کرد و لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨بە ئاگربە ستی مۆدرس کۆتایی هات، ئازار و نەهامەتییەکی فرە و زیانێکی سەختی لە گەڵ خۆی بۆ کورد بە دیاری هێنا .ئەو شەڕە کە بە شەڕی گەورە دەناسرێت، نزیک بە دە میلیۆن کوژراو و بریندار لە نێو هێزی سوپا و چەکدار و خەڵکی مەدەنیدا لێ کەوتەوە و لە ئا ست ئەورووپا و هەروەهاڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ستدا ئاڵوگۆڕی زۆر گەورەی پێک هێنا. لە سۆنگەی ئەوەوە وڵاتی کوردان بە درێژایی سنوورەکانی عوسمانیی و ئیمپراتۆریی روسیا شوێنی گرتووە و لەئەنجامدا دەبووە دەروازە و سەر ڕێگەی لەشکرکێشی و تێکهەڵچوونی هەر دوو سوپا و زلهێزە ململانێکەرەکە، بەوەش بەشێکی هەرە مەزنی ئەم زەوییانە هەر لە سەرەتای مانگەکانی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگدا، بوونە مەیدانی شەڕ و پێکدادان. ئەمەش نەک هەر سەبارەت بە بەشە کوردستانە کەی ژێر دەسەڵاتی تورکەکان یاخود ئەو بەشەی خاکی کورد لە چوار چێوەی قەڵەمڕەوی رووسیادا دروست بوو، بەڵکو هەمان دۆخیش، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئارادابوو[1]. ئاشکرایە کەوا ڕەگ و ڕیشەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە سەر ڕکەبەرایەتی و ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی ئەورووپا (بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەڵمانیا و ڕووسیا) بۆ دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ناوچە پڕپیت و بەرەکەتەکانی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریای عوسمانی و هەروەها جێگیربوون لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، لە لایەک و کەنداوی فارسی، لە لایەکی دیکە و لەوێڕا دەستهاویشتن بۆ هندستان کە ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای بریتانیادا بوو.

لە دە سپێکی شەڕدا، ئیمپراتۆریای عو سمانی، کە بە وتەی سیزار نیکۆلای یەکەم بە پیاوی نەخۆ شی ئەورووپا ناو دەبردرا، بێلایەنیی ڕاگەیاندبوو. بەڵام لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤، واتە سێ مانگ دواتر، لە دژی ڕووسیا شەڕی ڕاگەیاند و بە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی میحوەردا هاتە نێو مەیدانی شەڕەکەوە. بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەدا لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩١٤بووە بریارڕدەری چارەنوو سی دە سەڵاتی عو سمانی لە کورد ستانی عێراق دا، بەڵکو زیاتریش لەمە دواتر چارەنووسی هەموو ئیمپراتۆریەتە کەی دیاریکرد، کاتێک جەنگی جیهانی هەڵگیرسا تورکەکان بانگەوازی غەزایان دەکرد و دەیانویست بەم ڕێگەیەوە هەست و سۆزی موسڵمانەکانی ناو

قەڵەمڕەوی عوسمانی بەلای خۆیان دا ڕاکێشن و هانیان بدەن بۆ ئەوەی دژ بە دەوڵەتە ناموسڵمانەکانی بەشداربووی شەڕەکە و ڕکەبەرەکانیان چەک هەڵبگرن و شەڕیان بۆ بکەن (هاوار، ١٩٩٠: ١/ ٣٤٠؛ هەروتی، ٢٠٠٦: ٨٤-٨٥؛ دەلۆ،٢٠١٤: ٥١).

دیارە بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵێ گۆڕانکاری و پێشهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە دوای خۆیدا هینایە کایەوە. ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستانیش، وەک ناوچەیەکی سیاسی و سەربازی لەو هەلومەرجە ئالۆز و پەشۆکاوەدا، بێ ئەوەی خۆیان ئامادەکردبێ و ئارەزوویان هەبێ، کەوتنە بەر لێشاوی داگیرکاری هێزەکانی (بریتانیا و روسیا) لە لایەک و هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی دیکەوە، هەر بۆیەش زۆری پێنەچوو ناوچەکانی **"کفری و خانەقین"** وەک گۆڕەپانێکی سەربازی لە نێوان ولاتانی بەشداربووی ئەم جەنگەماڵوێرانەدا، تووشی ئەوپەڕی کاوڵکاریی و تاڵان و داروخانی هەمە لایەنە بوونەوە. ناوچەکانی کفری و خانەقین، کە بە درێژایی مێژوو ژیان تێیدا بەردەوام بووە وای کردبوو، کەوا ئەم دوو ناوچە هەستیارە ببنە وێستگەیەکی هەرە گرنگی ڕوودا و پێشهاتە سیاسییەکان، بۆیە دەکرێ بڵێین کەوا هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تاکو هاتنی بریتانییەکان، لە ساتە وەختی جەنگی یەکەمی جیهانی دا چەقی بەشێک لە ملمڵانێی سیاسیی و سەربازییەکانی ئەو کاتە بوونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کەوا پێگەی ناوچەکانی کفری و خانەقین لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی بریتانیا لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بخەینە بەر باس و گفتگۆیەکی زانستیانە.

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەگەرچی تاکو ئێستا لە سەر دۆخی کوردستانی عوسمانی، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە توێژینەوەی لابەلا کراوە، بەڵام زۆر بە کەمی تیشک نەخراوەتە سەر پێگەی گرنگ و هەستیاری ناوچەکانی کفری و خانەقین لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیا لەم ماوەیە دا، بۆیە گەلالەی ئەم ڤەکۆڵینە تێکۆشانێکی تازەیە بە مەبەستی وەدیهێنان و پڕکردنەوەی بەشێک لە نیاز و کەلەبەرەکانی پێشووتر، کە بۆ خوێنەر دێتە ئاراوە و هاوکات هەوڵێکی زانستییە بۆ دەستەمۆکردنی وەڵامێکی شایان بۆ پرسیارەکانی وەک؛ ئاخۆ گرنگایەتی ناوچەکانی کفری و خانەقین، لە چی دایە و بۆ چی فەرماندە سەربازیی و کاربەدەستە سیاسییەکانی بریتانیا لە میانەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا پتر، لە ناوچە و هەرێمەکانی دیکەی بن دەسەڵاتی خۆیان گرنگییان بەم دوو ناوچەیە داوە و هاوکات هەموو هەوڵیان ئەوە بووە، کەوا هەرچی زووتر دۆخی ئەم دوو ناوچە گرنگ و ستراتێژییە هێور بکەنەوە و بە تەواوەتی بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بیانکەن، بە ناوەند و پێگەیەکی بەهێزی کارگێڕی و سەربازیی بۆ دەستپێڕاگەشتنی خێراتر بە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باشوور.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە بابەتیانە و بە پشتبەستن بە باشترین سەرچاوەکانی ئەکادیمی بە زمانی جیاواز، پێگەی گرنگ و هەستیاری ناوچەکانی کفری و خانەقین لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی بریتانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بخاتە بەر باس و گفتگۆیەکی زانستیانە، تاکو بە هۆیانەوە لایەنە گرنگ و ستراتێژییەکانی ئەم دوو ناوچەیە، کە لە لایەن کاربەدەستە بالاکانی دەوڵەتی بریتانیا، لە پێناو پاراستنی

بەرژەوە ندییە باڵا کانی خۆ یان و پتەوکردنی پێگە کانی دەســەڵا تیان لەم ناو چانەدا و هەروە ها لاوازکردنی هێزە سەربازییەکانی رووسیا و دەوڵەتی عوسمانی دا، کاریان تێدا دەکرد روون بکەینەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بەرجە ستەکردنی رۆڵ و پێگەی هەرە گرنگی جوگرافیایی و هە ستیاریی ســـتراتێژیکی ناوچە کانی **"کفری و خانەقین"**ە لە روانگەی دەوڵەتی بریتانیای گەورەوە، کە بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەیان دەدا، تاکو بە هۆی سوودوەرگرتن لە پێگەی بەهێزی ئەم دووناوچەیە لە باشووری کوردستان، پارسەنگی هێز لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بەلای خۆیاندا بشکێننەوە.

**رێبازی توێژینەوە:**

بە ڕەچاوکردنی بواری زانستیی بابەتی توێژینەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی دەستنیشانکراو، رێبازی وەسفیی مێژوویی و شیتەڵکاریمان پەیڕەو کردووە. لەم شێوازەدا سەرەتا باسی رووداوە مێژووییەکان دەکەین، ئینجا بە لە بەرچاوگرتنی کات و شوێنی رووداوەکان، شیکردنەوەی بابەتیانەمان بۆ کردوون کە تێیدا زانیارییە میژووییەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە دەخرێنە روو و لە هەر شوێنێکیش پێویست بە یەکلاکردنەوەی زانیارییەکان بووبێ، بە پشت بەستن بە رێبازی لێکەڕان و بەراوردکاریی، رووداوەکانمان شی کردۆتەوە.

**سنووری کرۆنۆلۆژی توێژینەوە:**

سنووری خوارووی توێژینەوەکەمان بۆ سالآنی سەرەتای سەدەی بیستەم و دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە و تێیدا هەوڵ دەدەین کەوا بە تیشک خستنە سەر رووداوە گرنگەکانی ئەو کاتوساتانە گرنگایەتی پێگە و هەستیاریی لە رادەبەدەری ئەم دوو ناوچە ستراتێژییە بەرجەستە بکەین. سنووری سەرەوەی توێژینەوەکەشمان، وێناکردنی دۆخی ناوچەکانی کفری و خانەقینە لە ماوەی ســالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو دەرئەنجامانەی کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە وەک میراتێکی ماڵوێران بەسەر کوردستانی باشوور بە گشتی و کفری و خانەقین بە تایبەتی بە جێ ما.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە مان لە پێشـــەکی و چوار تەوەری جیا پێکهاتووە کە بریتینە لە: هەڵکەوتی جوگرافیایی و پێگەی ستراتێژیی کفری و خانەقین، جەنگی یەکەمی جیهانی و چۆنیەتی تێوەگلانی کورد لە شاڵاوی ماڵوێرانی ئەم جەنگەدا، دە ستپێکی پێوەندییەکانی نێوان کورد و بریتانیا لە ناوچەکانی کفری و خانەقین، پێگەی ناوچە کانی کفری و خانەقین لە هاوکێشـــە ســـیاســـی و ســـەربازییەکانی بریتانیا دا و لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا چەند خاڵێک وەک کۆبەند و دەرئەنجامی بابەتەکە دەخەینە روو، کە لە ناوەڕۆکی باسەکان هەڵێنجراون.

**هەڵکەوتی جوگرافیایی و پێگەی ستراتێژیی کفری:**

کفری یەکێکە لە شـــارە دێرینەکانی کوردســـتان، کە دەکەوێتە دامێنی چیای باوە شـــاســـوار لە ناوچەی گەرمیانی ســـنووری پارێزگای ســـلێمانی. ئەم ناوچەیە لە رووی هەڵکەوتی جوگرافیاییەوە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**"دەرەوشــکە و جۆبەداغ-گلابات"**، کە بەرزاییان لە نێوان ٢٠٠-٣٠٠ مەترێکە لە خوارەوە دەشــتێکی لیتەییە و لە باکوورەوە زورگ و هەرد دەوری داوە(ســەلیم، ٢٠٠٠:٢٤). کفری دەکەوێتە پاڵ زنجیرە چیایەک کە بە ناوی کفرییەوە دەناسرێت (میجرسون، ٢٠١٨: ٨٩). شاخی کفری دەکەوێتە باکووری شارەکە و لە دوای زنجیرە چیای حەمرینەوە دێت، بەرزاییەکەی ٣٦٨م لە ســەر ئاســتی رووی دەریاوە دەبێت (دلۆ، ٢٠١٤: ٣٣). فریزەر کاتێک باس لە کفری دەکات ئاماژە بەوە دەکات، کە کفری دەکەوێتە دەروازەی رێڕەوەکەوە بە ڕووی کۆمەڵێگردۆڵکی وشــکدا دەکرێتەوە، ئەو گردانە لە رووی دەشــتەکانەوە بە شــێوەی تەپۆڵکە بەرز بوونەتەوە (فرەیزەر، ١٩٩٨: ٦٦). ئەم قەزایە کەتووەتە لای رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکووک، کە هاوســنوورە لە ســەرووی رۆژهەڵاتەوە بە پارێزگای ســلێمانییەوە، لە خوارووی رۆژهەڵاتەوە پارێزگای دیالەیە، ســنووری ئەم قەزایە لە رۆژهەڵاتەوە رووباری دیالەیە، لە باشــووری رۆژئاوایەوە لیوای بەغدایە (سامی، ٢٠٠٨: ١٩٨-١٩٩).

لە لایەکی دیکەوە ناوچەی کفری دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی بەغداوە، واتە لە خوارووی رۆژهە ڵاتی باشــووری کوردستانە (ئارام، ١٩٩٨: ٢٧). بە باوەڕی منتیشاشفیلی، ئەم شارە یەکەێکە لە شارە کوردییە کان کە دەکەوێتە نێوان ڕێگای ئەستەمبوڵ و بەغدا و شوێنی بەیەکگەیەشتنی ڕێگای کاروانییەکان بووە، دووەم شاری سەنجەقی ناوچەی کەرکووک بووە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بوو تاکو کردنەوەی هێڵی شەمەندەفەڕی نێوان کەرکووک و بەغدا(منتیشاشفیلی، ١٩٧٨: ٩١). لە ســەردەمی عوسـما نییەکاندا ڕێگای ســەرەکی، کە بایەخێکی گرنگی هەبوو بۆ بازرگانی و هاتووچۆ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، لە سنجار و موسڵ و هەولێر و پردێ بە کەرکووک و داقوق بە کفری و خانەقین و مەندەلیدا بەرەو کرماشــانا و ئێران دەرۆیشــت(شــوانی، ٢٠٠١: ١٨٦). ئەو ناوچەیە گرنگی ســتراتێژی و ئابووری خۆی هەبووە و تا رادەیەک وێســتگەیەک بووە بۆ پێکەوە گرێدانی کاروانە بازرگانییە کانی شـــارە گەورە کان، هەروە ها شـــوێنێکی گرنگیش بووە بۆ پاراســتنی رێگاو بانە کان و گرێدانی پێوەندییەکانی شـــارە گەورەکان و شـــوێنە گرنگەکان بە یەکتر ییەوە. شـــاری کفری ١٣١کم لە کەرکووکەوە دوورە و کەوتووەتە باشووری، سەرچاوەی ئاوەکەی لە گوندی بەکرە شل و گوندی (ئومەربل )ەوە کە یەکەمیان لە سەرقەڵا و دووەمیان قوشە چاپانە (الحسنی، ١٩٥٨: ٢٢٣).

گوایە ناوچەی کفری (سەڵاحیە) پێشتر وەک بەشێک لە هەرێمە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی، خاوەن پێگە و نەخشــی کارگێڕیی و ســیاســیی خۆیان بوون، ناوچەکە بە هۆی ئەوەی لە ســەر ڕێگەی بازرگانی ئەســتەنبۆڵ-بەغدا، لە لایەک و هێلی ســلێمانی -کەرکووک- بەغدا، لە لایەکی ترەوە پێگەی گرنگی لەوەوە هەبووە، هەروەها ناوچەکە وەک ســنووری هەردوو دەوڵەتی عوســمانی ئێرانی بەردەوام جێگەی بایەخیان بووە، بە تایبەت بوونی ژمارەیەک لە هۆزەکان لە قەڵەمڕەوی هەردوو دەوڵەتدا هەبوون و زۆر جار سنووری ئەو دەوڵەتەیان بەزاندووە، ناوچەکە لای گەڕیدە و بیانییەکانیش گرنگ بووە چونکە بەشێکی زۆریان هاتوونەتە کوردستان و بە کفریدا تێپەڕیوون و لێی ماونەتەوە ( سلێمان، ٢٠٢٤: ٨٠). لە سەردەمی عوسمانییە کاندا کفری بەرەو پێشچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی ویلایەتی کەرکووک، لە ڕووی بازرگانی و داراییەوە زۆر بەرەو پێش چووە و لە سەر

ڕێگای گواستنەوە و بازرگانیی نێوان وڵاتی فارس و شاری بەغداد بووە، بۆیە لەم سەردەمەدا کفری بووەتە جێی سەرنجی بازرگانەکان و بازرگانێکی زۆر لە شارەکانی ترەوە ڕوویان کردووەتە شاری کفری و کڕین و فرۆ شتنیان تێدا کردووە، دوکان و شوێنی بازرگانییان دروست کردووە. هەر لەم سەردەمەدا داب و نەریت و کولتوور و ئەدەب و زمانی تورکی بەسەر شارەکەدا زاڵ بووە و تورک لە شارەکەدا نیشتەجێ بوون و کاربەدەست و فەرمانبەری میری بوون.

**هەڵکەوتی جوگرافیایی و پێگەی ستراتێژیی خانەقین:**

قەزای خانەقین وەک ناوەندی ناوچەی گەرمەسێر یەکێکە لەو شارانەی کە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێگەیەکی دیای هەبووە و بە هۆی هەڵکەوتەی جیوپۆلەتیکی تایبەت بە خۆی، بە بەردەوامی جێگەی ملمڵانێی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان بووە. خانەقین دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە و هاوسنوورە لە گەڵ وڵاتی ئێران و پێگەیەکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ، بە و پێیەی کە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەم قەزایە لە رووی زانستییەوە پێگەیەکی جیوستراتێژی گرنگ پێکدەهێنێت لە هەر دوو دۆخی ئاشتی و جەنگدا. واپێدەچێ کە قەزای خانەقین بە درێژایی مێژووی رابردوو، بە حوکمی پێگەی هەرە گرنگ و هەستیاری جوگرافیەکەی دەروازەیەکی گرنگی هاتووچۆ و ڕێڕەوی شاڵاوەکانی هێرش بووە لە نێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا، بە هۆی ئەوەی قەزای خانەقین دەکەوێتە نێوان ناوچەی دەشتی لیتەیی و ناوچەی شاخاوی، بۆیە بووبوە ناوەندێکی بازرگانی گرنگ (الخلف، ١٩٦٥: ٤٠١-٤٠٢). هەروەها نەتەوەی کورد لەم دیو و ئەودیوی سنوور بە یەکەوە دەبەستێتەوە و رۆڵێکی پێوەندی گرنگ دەبینێت لە مانەوەی کولتووری ناوچەی گەرمەسێر، لە سەردەمی ئێستاشماندا دەروازەی باشووری هەرێمی کوردستانە، کە بە رووی کۆماری ئێراندا بە درێژایی (١٧٠) کم سنووری هاوبەش پێک دەهێنێت. پانتایی قەزای خانەقین لە خاڵی سەر سنووری ئێرانەوە تاوەکو کۆتایی سنووری کارگێڕی ئەم قەزایە لەبەرفراوانترین شوێندا دەگاتە نزیکەی (٧٥)کم، بەمەش لە روانگەی جوگرافیای سەربازییەوە ئێران دەتوانێت بە ئاسانی بەغدا بخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە (الدفتر و عبدالله حسن، ١٩٥٨: ٥٩-٦٣).

خانەقین دەکەوێتە نێوان دەربەندیخان لە بەشی باکوور و کەلار لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای و مەندەلی و چیای حەمرین لە بە شی با شوور و سنووری ئێرانیش، لە ڕۆژهەڵاتی با شووری کور ستان دیاری دەکەن. ئاووهەوای خانەقین بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە زستانی سارد و هاوینی گەرمە. ڕووبەری ئیداری ٣،٩١٥ کم چوارگۆشەیە، و بەرزی لە ئاستی دەریاوەی ٢٠١ مەترە. رووباری ئەلوەن لە ناوەڕاستی ئەم شارە تێدەپڕێت و ئەگەرچی رووبارێکی گەورە نییە، بەڵام چوار وەرزییە و کاریگەری یەکجار زۆری لە سەر کەرتی کشتوکاڵی و هەروەها جوانی شاری خانەقین داناوە. جیا لە ئەلوەن، رووباری سیروان کە یەکێکە لە گەورە رووبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەنیشتی رۆژئاوای ئەم شارەدا تێدەپەڕێت. دەتوانین بلێین کەوا ناوچەی خانەقین و دەوروبەری نێوان دوو رووباری بچووکی پێک هێناوە، ئەم دوو رووبارە بوەتە هۆی بە پیتبوونی زەوی و زیادبوونی داهاتی کشتوکاڵی و باغداری. هەروەها ئاژەڵداری کە پیشەی سەرەکی لادێکانی دەروبەریەتی. ئەم شارە بە هۆی وەستان لە سەر رێگەی بازرگانی ئاوریشەم گرنگی ستراتێژی زۆری بە خۆیەوە بینیوە کە دەکەوێتە سەر شارێگەی هەمەدان، کرماشان و خانەقین بۆ بەغدا. سەرەکیترین بەشی ئەم



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شارێگایە كە ئێرانی بە نێوان دوو رووبار و بە سرەوە و باكووری ئافریقیا دەلكاند، پاش تێپەڕبوونی لە شاری كرماشان و ملەی شـــاری حەلوان **"زەهاو"** دەهاتە ناو شـــاری خانەقین. بۆیە دەكرێ بڵێین كەوا ئەم شـــارە بە درێژایی مێژوو شارێكی ئاوەدان و گەشاوە بووە و بە شاری بازرگان ناوی دەركردووە (ابراهیم، ٢٠٠٥: ٢١٣-٢١٤).

قەزای خـانەقین بـایەخێكی جیۆئـابووری گرنگیشـــی هەیە بەوەی كە یەكەم لێـدانی بیری نەوت لە هەرێمی كوردســـتانەوە لەم قەزایەدا لە ســـاڵی ١٩١٩لێدراوە و یەكەمین پاڵاوگەی نەوتیش لە عێراقدا لە ســـاڵی ١٩٢٧هەر لە خانەقین بونیاد نراوە بە ناوی پاڵاوگەی ئەلوەند كە بەرهەمی ســـاڵانەی گەیشـــتە (٤٣٦٠٠) تەن. ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت لە چیاســـۆر، لە باكوورەوە دەســـتپێدەكات بەرەو نەوتخانە، لە باشـــوور درێژە دەكێشـــێت(قیتولی، ٢٠٠٧: ٤٨). لە ســـەردەمی كۆلۆنیالیزم دا خانەقین رۆڵی گرنگ و بەرچاوی بۆ ئیمپراتۆریەتی بریتانیا هەبووە. دوای هاتنی وڵاتە كۆلۆنیالەكان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بایەخی پێگەی ستراتێژی خانەقین رووی لە زیادبوون كردووە. بەم هۆیەوە كە بووەتە وێستگەیەكی گرنگ بۆ وڵاتی بریتانیا بۆ گەیشتن بە هندستان لە رێگەی وشاكنییەوە، كاتێك یەكەم وێستگەی تەلەگرافی بەریتانیا لە خانەقین بۆ تاران كێشرا، خانەقین تەنها دەروازەی گەیشتن بە ئێران نەبوو بەڵكو هەروەها وەك ئاماژەمان پێكرد ئا سانترین و بە سوود ترین رێگا بوو. جۆرج كرزۆن (١٨٥٩-١٩٢٥) لە كتێبەكەیدا ئاماژە بەوە دەكات، كە لە نێوان كرماشـان و خانەقین پۆسـتخانە هەبووە، كە لە شـاری سـەرپێڵی زەهاو بووە و ئەمەش سـەڵمێنەری شـاڕێگا بوونی خانەقینە (كرزن، ١٣٧٣: ١/ ٩١).

جەیمس فلیكس جۆنز، لە بارەی گەشـتەكەی لە بەغداوە بۆ ناوچە سـنوورییەكان لە سـاڵی ١٨٤٤ دەڵێت: "ناوچەی خانەقین وێســـتگەیەكی بازرگانی گرنگە بۆ ویلایەتی بەغدا و هەرێمی كرماشـــانە، هەروەها ئاماژە بەوە دەكات كە بەشێكی زۆر لە ماڵە ئابوورییە گرنگەكان لە بەغدا و كرماشان بریكاری بازرگانیان لە خانەقین هەبوو" دەوڵەتی بریتانیا بۆ پاراستنی هندستان ناچار بوو، جگە لە كۆنترۆڵكردنی دەریاكان لە رووی وشكانییەوە بەرگری لە هەر مەترسییەك بۆ ســەر بەرژەوەندییە باڵاكانی خۆی بكات، بۆیە لە هندســتانەوە تاكو دەریای ناوەڕاســتی داگیر كرد. ئامانجی ســەرەكی سیاسی ئەم زلهێزە پاراستنی سەلامەتی شاڕێگەی وشكانی لە دەریای ناوەڕاستەوە بۆ هندستان بوو، ئەم شاڕێگەیەش لە ســـەر رێگەی كۆنی خانەقین كرماشـــان تێدەپەڕێ و ئێران و دەوڵەتی عوســـمانیی پێكەوە دەلكاند. لە ســـەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانییەوە، بریتانیا دە ستی كرد بە كێ شانی هێڵی تەلەگراف، لە لەندەنە بۆ هند ستان، ئەم هێڵە پاش گەیشـــتن بە خاكی عێراق بە خانەقیندا تێپەڕ دەبوو. لە ســـاڵی ١٩١٥یەكەم مۆڵەتی راكێشـــانی هێڵێكی تەلەگراف لە خانەقین بۆ تاران و بووشـــەهر لە باشـــووری ئێران وەرگیرا، ئەمە هەســـتیاری ناوچەی خانەقین لەو ســـەردەمە پێشـــان دەدات (James, 2011 ” 99)، بۆیە خانەقین كۆتا وێســـتگەی ئەم رێگایە بوو لە خاكی عێراق دا و گرنگییەكی زۆری بۆ كاربەدەستە باڵاكانی بریتانیا هەبوو .

**جەنگی یەكەمی جیهانی و چۆنیەتی تێوەگلانی كورد لە شاڵاوی ماڵوێرانی ئەم جەنگە دا:**

ئاشـــكرایە ناوچەكانی كوردســـتان بە گشـــتی و كفری و خانەقینیش بە تایبەتی بە هۆی گرنگی و تایبەتمە ندێتی ســـتراتێژی جوگرافیاییەوە هەر لە مێژ زەمانەوە گۆڕەپانی ملمڵانێ و زۆرانبازیی نێوان هێزە جیاوازەكان بووە. جگە لە

هەڵوێستی جەماوەری دژ بە چەو ساندنەوە و رە شبگێریی و زۆرەملێ، ناوچەکە ساڵانێکی زۆر مەیدانی شەڕو شۆڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێرانی بوو. وەک بە ڕوونی دەردەکەوێت ڕەوشی گوزەرانی خەڵکی کوردستان بەگشتی بە هۆی کێشمەکش و تەنگوچەڵەمەی بەردەوامی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکارە لەو پەڕی خراپیدا بووە و ناوچەکانی کفری و خانەقینیش بەشێک بوونە لەم وێرانکارییە و هەمیشە کەوتوونەتە بەر چەنگاڵی چەوساندنەوەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، کە بە بەردەوامی هەڕەشەی مەرگیان لە خەڵکی کەم دەرامەتی ئەم ناوچانە دەکرد، بۆیە دەبینین، هێدی هێدی گیانی یاخیبوون لە لای خەڵکەکە چەکەرەی کردووە و رووبەرووی کاربەدەستانی میری بوونەتەوە. هەر چۆنی بێ ململانێ توند و تولەکانی نێوان وڵاتە بەشداربووەکانی نێو جەنگی یەکەمی جیهانی بە گشتی و کاریگەرییەکانی دوای جەنگیش بە تایبەتی، بۆ نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، گرنگییەکی مێژوویی و سیاسی فرە لایەنی هەبوو.

کاتێک ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا و ناوچەکانی باشووری عێراقی سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانی لە لایەن هێزە سەربازییەکانی بریتانیا داگیرکران، ناوچەی گەرمیان و شارەکانی کفری و خانەقین و هەندێ ناوچەی دیکە بوونە گۆڕەپانی مەیدانخوازی هێزەکانی سوپای عوسمانی، کە لە لایەن جەنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای[٢] (١٨٨١-١٩٥٧) عوسمانی لەم سنوورەدا سەرکردایەتیی دەکرا(شەوقی، ٢٠٠٣: ٢٧٣). لە لایەکی دیکەوە هێرشەکانی هەردوو هێزی سەربازیی روسیای سیزاری و بریتانیای گەورە رۆژ لە دوای رۆژ بەرفراوانتر دەبوون، بە جۆرێک هەر لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩١٦لە سێ بەرەی جیاوازی ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و ئێرانی قاجارییەوە، بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستان و شارەکانی وەک، خانەقین، سلێمانی و رواندزی ئەو کاتە بوونەتەوە (ندیم، ١٩٧٤: ١٥). دیارە روسیای سیزاری لەو دەمانەدا و لە کاتی پرۆسەی هێرشەکانیاندا بۆ سەر وڵاتی عێراق و ناوچە کوردنشینەکان، بە زۆری جەختیان لە سەر بەرەی شاری خانەقین دەکردەوە بەوەی، کە ئەمەی دواییان رێگایەکی ئاسان و نزیکتر دەبێت بەرەو داگیرکردنی ناوەندی شاری بەغدای پایتەخت و هەروەها ئەو بەرەیەی رواندزیش بەرەو ناوەندی شارەکانی هەولێر و موسڵی دەکردنەوە(البیاتی، ٢٠٠٧: ٩١).

لەم دۆخە سەخت و پڕ کێشەیەدا، لە کاتی هاتنی هێزەکانی بریتانیا بۆ ناو عێراق، هەلومەرجی پێوەندی و زیاتر ناسین و تێکەڵبوون لەگەل کورد بە شێوەیەکی باشتر و بەربڵاوتر رەخسا. یەکەم دەستپێشخەریی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئینگلیز، لەو کاتەوە بوو کە هێزەکانی بریتانی چەند ناوچەیەکی بەسرەیان داگیر کردبوو، هەستی ئایینی و بانگەشەی هەڵخەڵەتێنی تورکە عوسمانییەکان بۆ غەزا لە دژی دەوڵەتێکی داگیرکەری بەناو کافر، پاڵی بە بەشێک لە کوردیشەوە نابوو، کە هاوبەشیی لەو غەزایەدا بکەن، بۆیە شێخ مەحموودی حەفید(١٨٨٤-١٩٥٦) کە دیارە بە دەسەڵاتترین کەسێتییەک بوو لە ناوچەی سلێمانی و دەورو پشتی، بەخۆی و هێزێکی چەکدارەوە، کە زیاتر لە هەزار سوارە دەبوون، لە نیسانی ١٩١٥خۆیان گەیاندە شوعێبە[٣]و لەوێ هاوبەشییەکی گەرمی جەنگەکەیان لە دژی هێزەکانی بریتانی کرد(Bill, 1920: 44).

بانگەوازی **"جیهاد و غەزا"** بۆ سوودوەرگرتن لە بزواندنی هەستی ئایینی خەڵکی دڵساف و ساکار و نەزان بوو، بۆ ئەم کارە شێخ ئیسلامی ئەستانە و مەلا و گەورە پیاوانی ئایینی دەوڵەتی عوسمانی بە دەیان فتوایان بۆ شەڕی کافران دەرکرد(دەلۆ، ٢٠١٤: ٥٢). رای گشـــتی لە ژێر کاریگەری ئایینیدا بوو، بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو کە لە نێوان (١٠-١٥) هەزار چەکدار بە هەموو نەتەوەکانەوە لە شـــەڕی شـــوعێبە دا بەشـــداریان کرد(خلیل و حمیدی، ١٩٨٩: ١٣). بەو بانگەوازە هەستی ئایینی میللەتی کوردیان بزواند و بە هۆی پیاوە ئایینی و سەرۆک هۆزەکانەوە هەزاران کەس چوونە پێشەوە، بۆ ناو گەرمەی شـــەڕەکە(هەروتی، ٢٠٠٦: ٨٤- ٨٥) و بە چەک و کەرەســـتە و تفاقی جەنگی خۆیانەوە هاوبەشـــیان کرد. ئەوە بوو هەزاران کەس لە رۆڵەکانی کورد، کە ســـاڵەهای ســـاڵ بوو، لە حەژمەت زوڵم و ســـتەمی عوســـمانییەکان دەیانناڵاند، بەدەم بانگەوازە کەیان چوون و خۆیان بۆ شەڕی داگیرکەری نوێ سازدا و گشت مەینەتی و نەهامەتییەکانی ســـاڵانی دوورو درێژی حوکمی عوســـمانییان بەلاوە نا و چاوپۆشـــیان لێکرد، هەر ئەو هەســـتە ئایینپەروەری و هاونیشـــتمانییە بوو وای کرد لە شـــۆڕە ســـوارانی گەلی کورد بەچەک و تفاقی خۆیانەوە بەرەو باشـــووری عێراق رێگا بگرنە بەر و لەوێ بە یاوەری سوپای عوسمانی خۆیان بۆ پەلاماردانی هێزەکانی ئینگلیز ئامادە بکەن(شەریف، ٢٠٠١: ١٠). بە مەش دەردەکەوێت کەوا هەســـتی ئایینی لەو ســـەردەمەدا زاڵ بووە و رەنگدانەوەی لە ســـەر هزر و کرداری تاکی کوردی هەبووە.

بە هۆی بانگەوازی غەزا، کە دەوڵەتی عوســـمانی بۆ ســـوودوەرگرتن لە توانا مرۆییەکان لە رووی ســـەربازییەوە رایگەیاندبوو، لە نیســـانی ١٩١٥، شـــێخ مەحموود و ژمارەیەک لە چەکدارانی لە گەڵ کۆمەڵێک ســـەرۆک هۆز و گەورە خانەدانانی کورد بە بڕوای غەزا لە شـــەڕی شـــوعێبە دژی هێزەکانی بریتانیا خۆیان ئامادە کرد (هەروتی، ٢٠٠٦: ٨٥) لە کاتێکدا شـــێخ مەحموود وەڵامی بانگەوازەکەی دایەوە و ئامادەباشـــی خۆی دەربڕی و داوای لە ســـەرۆک هۆزەکانی **(داوودە، زەنگەنە، دەلۆ، بەیات و جاف و ...)** کرد بۆ ئەوەی هاوکاری بن بۆ رووبەرووبوونەوە لە گەڵ ســـوپای ئینگلیزدا(ئەحمەد، ١٩٩٠: ٣٦)، دیارە کە سایەتی بە هێزی شێخ کاریگەرییەژکی زۆری بۆ کۆکردنەوەی هێزەکان هەبووە. ســـەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە ســـاڵی ١٩١٥ژمارەیەکی بەرچاو ســـواری کورد بە ســـەرۆکایەتی شـــێخ مەحموود، کە لە بەشـــێکی کوردســـتاندا بەرەو شـــوعێبە چوون بە هاوکاری لە گەڵ خێڵە عەرەبەکان و لە ژێر سەرکردایەتی عو سمانییەکاندا تاکو رێ لە پێشڕەویی هێزەکانی سوپای بریتانیا بگرن (کاکە سوور، ٢٠٠٠: ٣٠). شان بە شانی شێخ کۆمەڵێک لە سەرۆک هۆز و ناودارانی دیکەی کورد لەو جەنگەدا بە شدارییان کرد وەک: **" سەید ئەحمەدی خانەقا (١٨٦٨-١٩٥٢)، ئیبراهیم خانی دەلۆ (١٨٧٤-١٩٢١)، رەفعەتی ئیسماعیل بەگی داودە، نامیق عەلی ئاغای داودە، کەریم بەگی جاف (١٨٨٩-١٩٤٩) حەمە عەلی بەگی جاف، کەریم بەگی هەمەوەند و ..."**(شەریف، ٢٠٠١: ١٠). جگە لەو ســـەرۆک هۆزانە چەندین کەســـایەتی دیکەی ناوچەی کفری و خانەقین هاوکار و بەشـــدار بوون لەو جەنگەدا وەکو: **محەممەد ئەمین خورشـــید داودی (حەقفی، ١٨٩٢-١٩٥٩)، برایم حەمەخانی گێژ (١٨٨٠-١٩٦٨) حاجی قادری مەحموودی شاتری (١٨٩٠-١٩٧٨)** و چەندانی دیکە (دەلۆ، ٢٠١٤: ٥٥). ئەمانە بەهەموو هێز و توانایەکی خۆیانەوە چوونە ئەو شـــەڕەوە، هەرچەندە لە ژێر کارتێکردن و کاریگەری ئایینی بوو، بەڵام لە راســـتیدا بۆ ئەو کاتوســـاتە ئاڵۆزەدا،

کاریزمای کەســـایەتی شـــێخ مەحموود فاکتەرێکی ســـەرەکی بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو ژمارە چەکدارە کوردانە دژ بە داگیرکاری بریتانیاوە.

بەپێی ئاماژەکردنی زانیارییە ناوچەییەکان، بەشـــی هەرە زۆری ئەوانەی چوونە شـــەری ئینگلیز پێکها تبوون لە لایەنگرانی شـــێخ مەحموود و کوڕگەڵی داودە و دەلۆ و زەنگەنە و گل و رۆژبەیانی و هەمەوەند و جافی دەوروبەری کفری و کەلار و خانەقین بوون، جەنگاوەرە (موجاهیدەکان) ســـەرەتا ژمارەیان گەیشـــتە ١٢هەزار غەزاکەری عەرەب و دوو هەزار غەزاکەری کورد و تورکمان، ئەو هێزانەی لە نیسـانی سـاڵی ١٩١٥خۆیان گەیاندە شـوعێبە لەوێ بە هاوبە شی جەنگیان لە دژی هێزەکانی ئینگلیز کرد (ندیم، ١٩٧٤: ٣٠). ســەر لە بەیانی رۆژی ١٢نیســانی ١٩١٥هێزەکانی عوســمانی بە ســەرکردایەتی ســلێمان عەسـکەری هێرشـیان کردە سـەر هێزەکانی بریتانی، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز خۆراگربوون لەو شەڕەدا و دژە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عوسمانی و ژمارەیەکی زۆریان لە هێزی عوسمانی کوشت(ابراهیم خلیل و جعفر عباس، ١٩٨٩: ١٣). کاتێک هێزی هۆزە کوردەکان گەیشـتە شـوعێبە، بەرەو رووی تۆپبارانی خەسـتی هیزەکانی بریتانیا بوونەوە کە بۆ ئەو رۆژگارە و بۆ کۆمەڵێ کوردەواری شتێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراوبوو، هەرچۆنێک بێ پاش دوانزە کاژێر شـەڕی سـەخت، هێزەکانی سـوپای عوسـمانی و هاوکارانی بە سـەختی تێکشـکان و بەزوویی لە بەرەی شەڕەکە پا شەکشەیان کرد، پاش ئەوەی چەند کە سیان لێ کوژرا و سەدان کە سیـشان لێ بریندار بوون. سەبارەت بە هێزی هۆزەکوردەکان، ئەحمەد ئاغا و قادر ئاغا، لە هۆزی زەنگەنە، نامق ئاغا لە هۆزی داودە و چەند جەنگاوەری دی بوونە قوربانی، جگە لە برینداربوونی دەیانی تر(ئەنوەر، ٢٠٠٥: ١١٥).

بەهۆی ئاگری چەکە قورسـەکانی بریتانیاوە کوردەکان و عەرەبەکان لە شـەڕی شـوعێبە زەرەرمەند بوون، ئامارێکی تەواو لە بەردەستدا نییە کە کوردەکان چەند کەسیان کوژران، بەڵام هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن نزیکەی سێ هەزار کەس، لە کورد و عەرەب کوژران، هە ندێک لەو کەســـایەتییە ناودارانەکە کوردبوون و لەو شـــەڕەدا کوژران دەنگدانەوەی زۆریان لە کوردســـتان هەبوو(البیاتی، ٢٠٠٧: ٨٦-٨٧). میس بێڵ[٤] بۆچوونی وایە لە دوای کۆژانەوەی هەڵمەتی پڕۆپاگە ندەی جیهادکردن، تورکەکان هەوڵیاندا جەنگاوەر و ســـوارە کوردەکان بە کرێ بەرن، هە ندێک لەو هێزەیان نارد بۆ شوعێبە، دوایی ئەوەی خزمەتی با شیان کرد، بەڵام عو سمانییەکان بە کەم تەما شای ئەو سوارانەیان دەکرد، ئەوانیش دەستیان لەو پیشەیە هەڵگرت و بۆ لای کەس و کاری خۆیان گەڕانەوە(بیل، ١٩٧١: ١٣٨). هەر چۆنی بێ شەڕی شوعێبە بۆ گەلی کورد مەغزا و رەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو، هەرچەندە تا رادەیەک کوردەکان لە سـەرەتای شـاڵاوی جەنگەکە، بەرگریان لە دەوڵەتی عوسـمانی کردووە، بەڵام هاوکات دەرکەوتنی کەسـایەتییەکانی کورد بە تایبەتی شـــێخ مەحموود لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و هەســـتیارەدا بووە فاکتەرێک کە لە ئایندەدا لە هاوکێشـــە سـیاسـییەکاندا زیاتر ئامادەیی هەبێت و رۆڵی خەڵکی ناوچەکانی کفری و خانەقین پاشـتر لە رووداوە سـیاسـییەکانی دیکەدا، بە کردەنی دەرکەوت، پاشـتر بووە هۆی کۆتایی پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و دەوڵەتی عوسـمانی و سەرەتای دەستپێکردنی پێوەندی نێوان کورد و بریتانییەکان.

**دەستپێکی پێوەندییەکانی نێوان کورد و بریتانیا لە ناوچەکانی کفری و خانەقین:**

بە گوێرەی با سکردنی سەرچاوە میژووییەکان بەر لە دە ستپێکی هەڵمەتە سەربازییەکانی جەنگی یەکەم **"مەیجەر سۆن**[٥] **(1881-1923) Major Ely Bannister Soane"** بە ناوی خوازراو و دەسکردی **"میرزا غولام حوسێنی شیرازی"** بە شێوازێکی نەناسراو و نهێنی گەشتێک بۆ ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە دەکات و بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات و خۆی دەربخات، ئەم گەشتە سەرەتایەک بوو لە هەوڵی ناسینی کورد بۆ مەبەستێکی نوێ، وەک دواتریش دەردەکەوێ ئەنجامێکی بەسوودی هەبووە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتە کەی لە داهاتوودا( Bill, 1920: 43).

دوای داگیرکردنی بەغدا لە لایەن ژەنەراڵ مۆدەوە، لە ١١ئاداری ١٩١٧دا، کاربەدەستە باڵاکانی بریتانیا پێوەندییان لەگەڵ چەند سەرۆک هۆزێک دروستکرد و پێشوازییان لە نوێنەرانی سەرۆکەکانی ناوچەکانی کفری، خانەقین و هەڵەبجە کردبوو، لە سەرەتای ئایاری هەمان ساڵدا، پێوەندییان لە گەڵ سەرۆک هۆزەکانی دوزخورماتوو، کەرکووک و سلێمانی بەست(ماکداول، ٢٠٠٥: ٢٠٣)، لەبەر گرنگی خانەقین و ناوچەکانی دەور و بەری بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پێوەندییان لە گەڵ هۆزە کوردەکاندا دروست کرد، لەو رۆژگارەدا هێزەکانی بریتانیا پەرشوبڵاو بوون، دیارە لە رووی سەربازییەوە کارێکی باش نەبوو، بۆیە لەوکاتەدا نەدەتوانرا شتێکی تر بکەن جگە لەوەی داوایان لە **"مستەفا پاشای باجەڵان"**[٦] کەسایەتی بەرناسی خانەقین کردووە ئەوەی پێی دەکرێ بۆ بەرقەرارکردنی ئەمنیەت و ئاسایش لە شارەکە و دەوروبەریدا لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا بێت بیکات(ئەبووبەکر، ٢٠٠: ١٦٩).

کاتێک مستەفا پاشا نامەیەک بۆ بریتانییەکان دەنێریت، داوای دامەزراندنی ئەفسەرێکی سیاسی بریتانی کرد بۆ پاراستنی شاری خانەقین، ئەو نامەیان گەیاندە دەستی سەرکردەی سوپای ئینگلیز هەر بەم بۆنە یەوە چەندین نامە و نووسراوی دیکە لە هۆزەکانی: **باجەڵان، جاف، شەرەفبەیانی، بنەماڵەی تاڵەبانی و پیاوە ماقوڵانی قزرەبات** بۆ ئینگلیزەکان رەوانە کرا، هەموو لەو نامە و نووسراوانەدا بێزارییەکی زۆریان دژ بە رەفتار و کردەوەی رووسەکان دەردەبڕن، لەو نامانەدا پێیان ڕاگەیاندوون ئەگەر سنوور و رێگا چارەیەک بۆ دەستدرێژییەکانی رووس دانەنرێت، ئەوا ناچارن ماڵ و موڵگە و شاروشارۆچکە و گوندەکانیان چۆڵ بکەن و داوا لە دانیشتوانەکانی بکەن کە لە ترسی روو سەکان کۆڕەو دە ست پێبکەن، بۆیە تکا دەکا ئەفسەری سیا سی ئینگلیز بۆ خانەقین بنێرن (ئەبووبەکر، ٢٠٠٠: ١٧٣؛ غالیب، ٢٠٢١: ١/ ٢٩٨).

لە زستانی ساڵی ١٩١٧کاتێک سوپای بریتانیا دە ستی بە سەر خانەقین دا گرت، هیچ گرفتێکی کارگێڕییان بۆ نەهاتە پێش، پاشتر لە ساڵی ١٩١٨بەرەو ناوچەی کفری چوون، بە تایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانییەکان و سەرۆکی ئایینی **"سەید ئەحمەد خانەقا"** لایەنگری بریتانیا بوون (بیل، ١٩٧١: ١٨٥، هەروتی، ٢٠٠٦: ٨٦). ئەو پێوەندییانە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر هێر شکارییەکانی دواتری بریتانییەکان بۆ ناوچەکە هەبوو. مستەفا پا شا بە ناوی کوردەکانەوە جارێکی تریش داوای دامەزراندنی نوێنەرێکی بریتانیا بۆ شارەکەیان کرد، تاکو دانیشتوانی ناوچەکە بڕوایان بەوان هەبێ، بەوەی ئیدارەیەکی مەدەنی لە ناوچەکەیاندا دابمەزرێنن، کە هێزێکی بچووکی ئینگلیزی لەگەڵ ئەو نوێنەرە دابێ، کوردەکان

لە لای خۆیانەوە بەڵێنی ئەوەیاندا کەوا لەو بارودۆخەدا هێمنی و ئاسایش لە خانەقین و قزڕەبات و ناوچەکانی تردا بپارێزن و رێگە و بانەکان کۆنترۆڵ بکەن، تا خەڵکی گوندەکان و شارەکان بەدڵنیاییەوە کار و فەرمانەکانیان راپەڕێنن و هێزە تورکەکانی ئەو ناوچانە رێگەیان پێنەگرن و شەڕیان پێنەفرۆشن (ئەبووبەکر، ٢٠٠٠: ١٧٥).

لەو کاتو ساتانەدا هۆزەکانی کفری نزیکەی ١٥٠٠ سوارەی چەکدار و ١٠٠٠پیادەیان هەبوو، بە کردەنی دە ستیان بە سەر رێگەی ئێراندا دەڕۆیشت، ئەمانە لە ژێر دەسەلاتی شێخ حەمیدی تاڵەبانیدا بوون، کە ئەو کاتە لە گەڵ ئینگلیز پێوەندییەکانی باش بوو. ئەو هێزانە لە شەڕەکانی دژ بە تورکەکان رۆڵی باشیان گێڕا. دیارە ئینگلیزەکان بەر لە هاتنیان بۆ ناوچەکە پێوەندییان بە شێخ حەمید تاڵەبانی و سەرکردە کوردەکانی ترەوە کرد، ئەمانە بەهێزەکانیانەوە دژ بە تورکەکان بوون، هیچ جۆرە یارمەتی و خواردن و ئازووقەیەکیان بە عوسمانییە کان نەداوە (ئەحمەد عوسمان، ٢٠٠٠: ١٧٩- ١٨٠). سەرباری ئەوەی کە تورکەکان دەیانویست کوردەکان بترسێنن و قایلیان بکەن، کە بریتانیا ئەوان دەخاتە ژێر فەرمانڕەوای عەرەبەکان، بەڵام کاربەدەستە باڵاکانی ئینگلیز پێوەندییان لە گەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان دروست کرد و پێشوازییان لە نوێنەرانی سەرۆکە کانی ناوچەکانی **(کفری، خانەقین و هەڵەبجە )**کردبوو (مەکداول، ٢٠٠٥: ٢٠٣).

**پێگەی ناوچەکانی کفری و خانەقین لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیا دا:**

وادەردەکەوێت ئینگلیزەکان بەر لەوەی دەست بە هێرش و پێشڕەوی بکەن زانیارییان هەبوو، کە سەرۆک هۆزە و کەسایەتییە ئایینییەکانی ناوچەی کفری و خانەقین لایەنگری ئەوانن، بە تایبەت تاڵەبانییە کان. لەو روانگەیەوە ئینگیلیزەکان وا تێگەیشتبوون کەوا زۆربەی کوردەکان دژی تورکن و دۆستی بریتانیان، ئەوان وایان دەزانی، کە خێڵە کوردەکان ئامادەیی هاوکارین و بۆ پاراستنی ئاشتی و بەرقەراری ئەمنیەتی وڵات سەر دەنوێنن (بیل، ١٩٧١: ٦٥). ئەو پێوەندییانەی، کە لە نێوان خەڵکی ناوچەکە و فەرماندە سەربازییەکانی سوپای بریتانیا دروست بوو تێڕوانینێکی دوو لایەنەی بەهێز بوو، بۆ ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکە، کە سایەتی و سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بریتانییەکانیان بە فریادڕەس دەبینی بۆ دەربازبوون و رزگاربوونیان لە چەوساندنەوەی فەرمانبەر و دارو دەستەی عوسمانییەکان، هاوتەریب بریتانییەکان کاریان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەم کردنەوەی دەسەڵات و سەنگی عوسمانییەکان دەکرد. رەنگە لەو کات و ساتە ئاڵۆزانەدا بریتانییەکانیش زۆر بە هەڵەدا نەچوبن، چونکە وەختێک هێزەکانیان دەچنە ناوچەکانی خانەقین و کفری و کەرکووک، لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکەن و ئامادەیی هاوکارییان پشێکەش دەکەن(غالیب، ٢٠٢١: ١/ ٢٩٩).

لە کاتێکدا تورکەکان لە باکوورەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئینگلیزەکان هەوڵیاندا لە باشوورەوە شوێن پێیان لەق بکەن، بۆیە ژەنەراڵ مارشاڵ**(W. M. Marshall)** دوای مردنی ژەنەراڵ مۆد لە تشرینی دووەمی١٩١٧بووە فەرماندەی هێزەکانی بریتانیا و هاوکات هەوڵیدا هەڵمەتەکانی دنسترڤیلدی سەرپەرشتیاری هێزەکانی بریتانیا لە ئێران، بەهێزتر بکات، چونکە رێگای نێوان هەمەدان و قەسری شیرین بۆ بریتانییەکان مەترسیدار بوو، ئەو پرۆپاگەندانەی ئەڵمان و تورکەکانیش، لە نزیک کفری دەیانکرد بۆ بزواندنی هۆزەکانی رۆژهەڵات کاریگەرییان لە سەر

ئەو ڕێگایە هەبوو، بۆیە ژەنەراڵ مارشـــاڵ بڕیاریدا هێزەکانی تورک لە قەرەتەپە ، کفری و دوزخورماتو دەرپەڕێنێ و خۆی دەڤەرەکە داگیر بکات(مەنتک، ٢٠٠٠: ١١٠).لە کاتێکدا کە هیزە کانی بریتانیا بە درێژایی روو باری دیالە دە هاتن، عوسـمانییەکان هیزەکانیان لە رۆژئاوای رووبارەکە جێگیر بوون، لەو کاتەدا دانیشـتوانی ناوچەی کفری ئەو ناوچەیان چۆڵ کرد، کە عوسـمانییەکان داگیریان کردبوو(بیل، ١٩٧١: ١٤١). ئەو کات ئینگلیزەکان بە هۆشـیارییەوە بەرەو خانەقین هەڵکشان، کە لەو سەردەمەدا هێزی روو سەکان داگیریان کردبوو، ئەوە لە دوای شکانی ئەو هێزە لە کانوونی یەکەمی هەمان سـاڵدا خانەقینیان داگیرکردد (دەلۆ، ٢٠١٤: ٧٠). لە برووسـکەیەکدا کە ئەفسـەری سـیاسـی بریتانیا لە بەغداوە لە رۆژی ١٦ تشـــرینی دووەمی ســـاڵی ١٩١٧ ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوە کە تێیدا دەڵێ: " لە ڕۆژی ١٣ی تشـــرینی دووەمی هەمان سـاڵدا بە فڕۆکە گەیشـتمە **(کفری و خانەقین)**، بە مەبەسـتی بینینی ئەفسـەرە سـیاسـییەکانمان، بۆم دەرکەوت کە هەموو دانیشـتوانی ئەو ناوچانە حەز بەوە دەکەن، کە سـلێمانی داگیر بکەین، هەر بە هێزێکی بچوون بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەموو ئاژاوەیەکدا بگرین(ئەبووبەکر، ٢٠٠٠: ١٤٥).

لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی١٩١٧سوپای بریتانیا هێرشی هێنایە سەر سوپای تورک لە قەرەتەپە و شەڕێکی چوار رۆژە روویدا، ژمارەیەکی زۆر دیل و کوژراو لە نێوان هەردوو لاهەبوو، بریتانییەکان بۆیان دەرکەوت ئیتر لەمەولا ناتوانن بە بێ زەرەروزیان بۆ پێشەوە هەنگاو بنێن، بۆیە لە رۆژی حەوتی هەمان مانگدا لە قەرەتەپە کشانەوە(نەریمان، ٢٠٢٤: ١١٤). لە رۆژی٢٦نیسـانی١٩١٨ژەنەراڵ ئیگرتن فەرماندەی فەیلەقی ٣، بە یاوەری سـێ رەتلی ئامادە، کە ئامانجیان گرتنی قەرەتەپە و دوزخورماتو بوو بەروە ئەوێ بەرێکەوت، تورکەکان هەستیان بە ئامادەکارییەکانی بریتانیەکان کرد، بۆیە بڕیارياندا تیپەکانی خۆیان پاشـــەکشـــە پێ بکەن بەرەو باکوور، لە گەڵ دەســـتپێکردنی هێرشـــکاری، لە رۆژی ٢٦نیســـانی ١٩١٨بریتانییەکان توانیان قەرەتەپە داگیر بکەن (ندیم، ١٩٧٤: ١٨٧). دواتر بەرەو ناوچەی کفری چوون بە تایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانییەکان و کەســایەتی ئایینی ســەید ئەحەمەدی خانەقا کە لایەنگری بریتانیا بوون(بیل، ١٩٧١: ١٨)، لە کۆتایی نیسـانی ١٩١٨دا هێزەکانی بریتانیا بە خێرایی پێشـڕەویان کرد و لە ماوەیەکی کەمدا قەرەتەپە، کفری و دوزخورماتویان گرت و ئەم چوونە پێشـــەوەیە زەمینەی بۆ بریتانییەکان ســـازکرد پێوەندیی نزیکتر لە گەڵ شـــێخ حەمیدی تاڵەبانیدا گرێ بدەن، بۆ یەکەم جار هیزەکانی کورد دژ بە تورک بەکار هێنران و هیزێکی کورد، کە لە نزیکەی دووسـەد پیاوی باجەڵان و دەلۆ و سـورەمیری پێکهاتبوون، لە نیسـانی ١٩١٨پەلاماری هێزی تورکە عوسـمانییەکانیان لە سەر رووباری سیروان دا کە سەنگەریان گرتبوو(جوەیدە، ٢٠٠٦: ٣٨٤).

لە کاتی هێر شی سوپای ئینگلیز سوپای عو سمانی لە پێشیاندا خۆی رانەگرت و بەرەو رۆژئاوای رووباری سیروان کشـــانەوە، کوردە کانی ناوچەی کفری شـــارەکەی خۆ یانیان، لە هێزە کانی عوســـمانی پاک کردەوە و کۆمەکیان بە عوســـمانییەکان نەکرد (بیل،١٩٧١: ١٤١). لەشـــکری ئینگلیز لە قۆڵی باکووری رۆژهەڵاتی بەغدا وە پێشـــکەوت و رۆژی ٢٨نیسـانی سـاڵی ١٩١٨توانی بچێتە ناو شـاری کفرییەوە و دوای ئەوەش دوزخورماتویان داگیرکرد (مەزهەر، ١٩٧٥: ٦٧-٦٨). پاش دەســـتبەســـەرداگرتنی کفری ئینگلیزە کان بانگەشـــەی ئەوە یان دەکرد کەوا پێوە ندییان لە گەڵ هە ندێ کەسـایەتییە ناسـراوەکانی کەرکووکیشـدا بکەن (جوەیدە، ٢٠٠٦: ٣٨٤). لەم ناوچانەدا چەند شـەڕێک لە نیوان هیزی

چەکداری تورک و ئینگلیزدا روویدا، لە ٢٨ی نیسانی هەمان ساڵدا ئینگلیزەکان هەڵسان بە ئاشکراکردنی ئەو شوێنانەی کە جێگای پەڕینەوەن، بۆیان روون بووەوە تورکەکان، لە دوزخورماتوو بەرەنگاریان دەبنەوە. گوایە تورکەکان پێشتر لەو شوێنانەدا بەتالیۆنێکیان هەبوو، کە ژمارەی چەکدارەکانیان دەگەیشتە ١٥٠٠کەس و ١٢تۆپیشیان، لە باشووری دوزخورماتوو جێگیر کردبوو(ندیم، ١٩٧٤: ١٨٨). بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەی **"تێگەیشتنی راستی"** بڵاوکراوەتەوە ئەو سەربازانەی کە بە دیلی کەتبوونە دەستی سوپای ئینگلیز زیاتر لە ٧٠ دیل بوون، سوپای عوسمانی لە دوزخورماتو بەرپەرچی هێرشی سوپای ئینگلیزیان دایەوە و بەرنگاریان بوون، بەڵام لە ئاکامدا ئینگلیزەکان سەرکەوتن، لە رۆژی ١ی مایسی ١٩١٨ژمارەی دیلەکان زیاتر بوون و گەیشتە ٨٠٠ کەس جگە لە ١٢تۆپ و مەتریلۆز و تفاق و تەدارەکی سەربازی کە دەستی بەسەردا گیرابوون، لەو هێرشەدا ئینگلیزەکان هیزەکانی عوسمانیان تاکو رووباری تاوق چای هەڵبڕی(تێگەیشتنی راستی، ١٩١٨:ژ٢٧/ ٣). زیانەکانی سوپای عوسمانی رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بووندا بوو، وەک لە ژمارەی پاشتری هەمان رۆژنامەدا باس لەوە دەکات بە پێی هەوڵی لە شکری هێزەکانی بریتانیا، کە لە ٤ی مایسی ١٩١٨دا هێزەکانیان توانیویانە، لە ناوچەی کفری و دوزخورماتوو ژمارەیەکی زۆری هیزەکانی عوسمانی دەستگیر بکەن کە ژمارەیان ١٩٥٠دیل و دەست بەسەر داگرتنی ١٢تۆپی بیابان و سێ تۆپی چیایی و ٢٥ مەتریلۆز و برێکی زۆری کەرەستەی جەنگی و ئازووقە و تەقەمەنی و کەرەستەی گواستنەوەدا بگرن (تێگەیشتنی راستی، ١٩١٨:ژ٢٨/ ٢، فتح الله، ٢٠٠٢: ١٩١).

لە راستیدا ئینگلیزەکان لەو هەڵوێستەدا نەبوون، کە تیشکی سەوز بۆ کورد هەڵبکەن و هانیان بدەن بۆ هێرشکاری بۆ سەر عوسمانییەکان تاکو خانەقینیان لە کانوونی یەکەمی ١٩١٧و کفریشیان لە ٢٨ نیسانی ١٩١٨دا گرت، ئینجا بەرچاویان روون بووەوە(بیل، ١٩٧١: ١٤٧)، بۆیە بە خێرایی لە ٢٩ی نیسانی ١٩١٨ سوپای ئینگلیز توانیان شاری دوزخورماتووش داگیربکەن و دوای دەستبەسەر داگرتنی شارەکانی کفری، دوز خورماتوو و کەرکووک، سەربازە ئینگلیزەکان، لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازییان لێکرا(ندیم، ١٩٧٤: ١٩٠). ئەوە بوو لە دوای هێرشی درندانەی سوپای رووسەکان جارێکی دیکە ناوچەکانی کفری و خانەقین بوونە دەروازەی هاتنی سوپایەکی زلهێزی جیهانی کە دەیانویست لە وێوە مڵ بۆ داگیرکردنی گشت کوردستان بنێ. ئەم هاتنەش شەڕ و شۆڕیکی زۆری لێکەوتەوە، عوسمانییەکانی هەرچەندە پرزە و برسێتییان لێبڕا بوو، بەڵام توانا سەربازییەکانی زۆیان کۆ کردەوە و بۆ ئەوەی پێشگیری لە هاتنی ئەو سوپایە بکەن، کە بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان هاتبوون، لە ئاکامی جەنگێکی دوورودرێژی ماڵوێراندا زیانێکی بیشومار لە رووی ماددی و مرۆییەوە بەر دانیشتوانی ناوچەکە کەوت و لە کۆتاییدا بە تێکشکان و داروخانی قەڵەمڕەوی پان و بەرینی ئیمپراتۆری عوسمانی کۆتایی بەم شەڕە نەگریسە هات.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، دوای ئەوەی هەموو ویلایەتی موسڵ، لە لایەن هێزەکانی بریتانییەوە دەستی بەسەردا گیرا، دۆخێکی تازە بۆ سازکردنی پێوەندیی کورد و بریتانیا پەیدابوو، پێوەندیی راستەوخۆتر و بەربڵاوتر لە نێوان هەر دوولادا هاتەکایەوە و هەموو باشووری کوردستان، لە بن دەستی دەوڵەتی داگیرکاری عوسمانی هێنرایە دەرەوە و کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەهێزترین دەوڵەتی هاوپەیمانان کە بریتانیا بوو. ئەمە لەسەرەتادا تەنیا لە رووی سەربازییەوە

بوو، دواتر دیوی سیاسی و قانوونیشی گرتەوە، هەڵبەت بۆ ئەو دۆخە تازەیە، چ بۆ حکومەتی بریتانیا و چ بۆ کورد تێڕوانینی مەیدانی و واقیعیانە و نوێ پێویست بوون(غالیب، ٢٠٢١: ١/١، ٢٩٥). لە پاش ئەو پەلامارە سەرکەوتوانەدا و بە تایبەتی لەو کاتە بەدواوە کە هێزەکانی بریتانیا لە دوای ئاگر بەستی مۆدرسی ٢٠تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا هەموو ناوچەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بە تەواوی، لە قەڵەمڕەوی تورکەکان دووریان خستەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی فەرمیی ناوەندە سیاسییەکانی بریتانیی **"میجەر گۆڵدسمیس Major Goldsmith H. A"**ی ئەفسەری سیاسی و لێپرسراوی خانەقین، کەوتە ئەنجامدانی گەشتێکی پشکنین لە ناوچەکانی دەوروبەردا. لەم کات و ساتە هەستیارانەدا شێخ مەحموود، کە دواتر ڕۆڵێکی بایەخداری، لە مێژووی کوردستانی باشووردا گێڕا و یەکمجار بوو بە فەرمی ناوی بکەوێتە ناو ناوانەوە، بیری لەوە کردەوە، کە سەبارەت بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان، وەک دیفاکتۆیەک پێوەندی، بە هێزەکانی بریتانییەوە بکات، هەر بۆیە دوای ڕاوێژ، لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر، لە کە سایەتی و پیاوماقووڵانی ئەو دەمانەی با شووری کورد ستان، لە ڕێگەی دوو لە کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی واتا **"عیزەت تۆپچی و فایەق تاپۆ"** گەڵاڵەنامەیەکی بۆ بنکەی سەربازیی ئەو کاتەی بریتانییەکان، لە نزیک **"ئەسکی کفری"** لە ناوچەی گەرمیان نارد ،کە تێیدا بە زۆری داوای ئەوەی لێ کردبوون ئەو ئامادەیە کاروباری ناوچەکە، بە ناوی فەرمانڕەوایانی بریتانیاوە بەڕێوە ببات تا ئەوان دەگەنە ئەوێ ( فەتحوڵڵا، ٢٠٠٩: ٢١٨/١؛ باوەڕ، ٢٠٢٢: ٧١).

دواتر ئینگلیزەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی وڵاتی دووررووبار، لە هەر ناوەندی لیوایەکدا ئەفسەرێکی سیاسیی و لە ناوەندی هەر قەزایەکیشدا جێگرێکی ئەفسەری سیاسییان دادەنا، کە لە ئەفسەرانی سوپا بوون، هەندێک لە مێژوونوو سان دە ستەواژەی ئەفـسەری سیا سییان لاپە سەندتر بوو، لە حاکمی سیا سی، چونکە، لە ئینگلیزیدا بەم شێوازە **(Political Officer)** هاتووە. هەر چۆنی بێ، لە کۆتاییەکانی جەنگدا و لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨هەر ئەوەندەی فەرمانڕەوایانی پایەبەرزی بریتانی، بە تایبەتی **"ئارنۆڵد ویلسۆن[٧] (1884-1940) Arnold T. Wilson"**ی حاکمی، بە وەکالەتی بریتانیا، لە شاری بەغدا **"مەیجەر نوئیل[٨] (1886-1974) Major E. W. C Noel"** کە کە سێکی، لە ڕادەبەدەر شارەزا بوو، بە کورد و ناوچەکانی کورد ستان و پێ شتریش زۆرێک، لە ناوچەکانی کورد ستانی دیبوو، بە حاکمی سیاسی ناوچەی لیوای کەرکووک دامەزراند، ئەو ناوچەیە نێوان زێی گەورە و ناوچەکانی دەوروبەری رووباری سیروانی دەگرتەوە، کە کفری و خانەقینیش بەشێک بوون لەم دابەشکارییە سیاسی و کارگێڕییە نوێیە، کە هاوکات سەڵمێنەری پێگەی گرنگ و هەستیاری ناوچەکانی کفری و خانەقین بوو لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی بریتانیای گەورەدا (ساڵح، ٢٠٠٣: ٢٨؛ دەلۆ، ٢٠١٤: ٧٥).

**کۆبەند:**

- کاتێک هێرشەکانی لەشکری بریتانیا بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی لە دەریاوە، لە بەندەری فاو و لە ویلایەتی بە سڕەوە دە ستی پێکرد، لەو سەرەتایەدا مەبە ستی سەرەکی بریتانیا بۆ پارێزگاریکردنی بەرژەوە ندییە باڵاکانی خۆی و بەدوورگرتنی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە کەنداوی فارسی. هەر ئەوەندەی سوپای بریتانیا زیاتر پێشڕەوییان کرد و لە

مانگی ئاداری ١٩١٧وە، بەغدایان داگیرکرد، کاربەدەستە باڵاکان و داڕێژەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی بریتانیا بەرە بەرە، لە ناوچە کوردییەکان نزیکتر دەبوونەوە.

- لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی سەربازییدا بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان، ئەوان بۆ پێوەندیکردن لە گەڵ دەستەبژێری کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، پلان و بەرنامەی تازەیان دادە ڕشت، لەو ڕوانگەیەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دەزگاکانی هەواڵگری و سیاسی بریتانیا، گرنگییان بە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، بە گشتی و ناوچە سنوورییە گرنگەکانی کفری و خانەقین بە تایبەتیی دەدا، کە کورد و خێڵی جیا لەو ناوچانە نیشتەجێ بوون.
- بە درێژایی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بریتانیا وەک گەورەترین زلهێزی ئەو سەردەمە، نەخشە و ستراتێژی تایبەتی خۆی هەبوو تاکۆ، بەهۆیانەوە وێڕای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هاوکات دەرفەتی ئەوە بە هیچ هێزیکی دیکە نەدات کەوا هەڕەشە لە دەسکەوت و ئامانجەکانی بکات، لەو پێناوە شدا، بە پلانی پێشوەختە و لە شکرکێشی و مامەلەی سیا سی و کاری دیپلوما سی ورد و دانانی نەخشەڕێگەی دوورمەودا پلانی بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و سەقامگیرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی دادەنا.
- کوردانی باشووری کوردستان بە گشتی و ناوچەکانی کفری و خانەقین بە تایبەتی، لە دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی وەک باقی نەتەوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، بە هۆی بانگەوازی غەزای تورکە عوسمانییەکان دژ بە داگیرکاری بێگانە، بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەلانی ژێردەستیان، بە مەبەستی سودوەرگرتن لە توانا مرۆییەکانیان لە رووی سەربازییەوە، هەڵوێستیان بەرامبەر بە هێزەکانی بریتانیا نەرێنی بوو و بە ناچاری لە شەڕی شوعێبەدا دژی هێزەکانی بریتانیا شەڕیان کرد.
- دوای ئاشکرا بوونی سیاسەتی بریتانیا و لێکحاڵیبوونی دەستەبژێری کوردی ئەو ناوچانە و تێگەیشتن لە سیاسەتی گشتی و پلانە سەربازییەکانی بریتانیا، کوردانی ئەم دوو ناوچەیە بە مەبەستی رزگاربوون، لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانی و بە ئامانج و مەبەستی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان، پێوەندییان لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی بریتانیا گرت و هەموو هەوڵ و کۆششێکیان کرد بۆ دەربازبوون و رزگارکردنی خۆیان لەو چەوسانەوە و زەبر و زەنگانەی داگیرکەری تورکە عوسمانییەکان.
- بە درێژایی ماوەی سالانی جەنگی یەکەم و بەرەو پێشچوونی هەڵمەتە سەربازییەکان، پێگەی گرنگ و هەستیاری ناوچەکانی کفری و خانەقین لە هاوکێشە سەربازییەکانی دەوڵەتی بریتانیادا بە روونی ئاشکرا دەبێت، بۆیە کاربەدە ستە بریتانییەکان، بە مەبە ستی پارا ستنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان، بەردەوام هەوڵی سوودوەرگرتن، لە هێزی مرۆیی و پێگەی جوگرافیایی ئەم دوو ناوچە گرنگ و ستراتێژییە دەدەن.

**پەراوێزەکان:**

١-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- Sir Percy Sykes, A History Of Persia, 2 Vols. (London; Macmillan, 1915), 43ff: Gustave Semorgny, La Question Persane et la guerr, la rivalite anglo-russe en Perse (paryise: L. Tenin, 1916), 284ff.

**٢-عەلی ئحسـان پاشـا:** لە سـاڵی ١٨٨٢لە شـاری ئەسـتەنبوڵ هاتۆتە دونیاوە و دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی سـەرەتایی خوێندن، لە خوێندنگای تۆپهاوێژی عوسـمانی درێژەی بە خوێندن داوە، دواتریش کۆلێژی جەنگی تەواو کردووە. دواتر گەڵێ پۆست و پلە و پایەی سەربازی، لە سوپای عوسمانیدا گرتۆتە ئەستۆ و ماوەیەکیش فەرماندەی سوپای شەشەمی عوسمانی لە عێراق بووە و بەشداری ئەو هێرشانەی کردووە، کە بە فەرماندەیی خەلیل پاشای عوسمانی بەرانبەر بە هیزەکانی بریتانیا ئەنجام درا، لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی شەڕی کوتی ساڵی ١٩١٥، کە دەرئەنجامی شکستی سوپای بریتانی لێ کەوتەوە بە سەریەکەوە نزیکەی ١٣٠٩سەرباز و ئەفسەری بریتانینتێیدا دەستبەسەرکران. بە فەرماندەکەشیانەوە کە ژەنەراڵ تاوزەند بوو، بەڵام دوای هێرشی دووەمی بریتانی بۆسەر عێراق و داگیرکردنی شاری بەغدا لە ١١ ئاداری ١٩١٧، عەلی ئیحسان پاشا گوێزرایەوە موسڵ و کەوتە بنیادنانی هێزێکی تۆکمەی سەربازیی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، بەڵام بە مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرسی (٣١تشرینی یەکەمی ١٩١٨) کاتێک بە چاوی خۆی شکستی بەرەی شامی عوسمانی بینی، ئامادە نەبوو موسڵ رادەستی هیزەکانی بریتانیا بکات. هەرچەندە دواتر لە سەر راسپاردەی حکومەتی تورک دەستی لێ هەڵگرت و گەڕایەوە ئەستەمبوڵ. دواتر لە گەڵ چەند فەرماندەیەکی سەربازییدا دووریان خستەوە بۆ جەزیرەی ماڵتا، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٢٢دا گەڕایەوە ئەنادۆڵ و وەک فەرماندەیەکی سەربازی بەشداری شەڕی دژ بە یۆنانییەکانی کرد و تێیدا سەرکەوت، بەڵام بە هۆی ناکۆکی لە گەڵ عیسمەت ئینۆنۆوە دەستی لە کار کێشاوە و لە لایەن مستەفا کەماڵەوە بە یەکجاری دوور خرایەوە. لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی تورکیا دەبێتە ئەندامی پارلەمان و لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: غالیب، صەباحی (٢٠٢٣ز)، مێژووی کورد و کوردستان، دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی پەیمانی سیڤەر (١٩١٨-١٩٢٠)، توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، بەرگی یەکەم، دوو بەش، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٣- شـوعێبە:** شـارۆچکەیەکی بچووکە لە ١٠ کم باشـووری خۆرئاوای شـاری بەسـرەیە، کە لە ١٤نیسـانی سـاڵی ١٩١٥تووشی شەڕێکی قورسی دوازە کاژێری بوو، کە لە بەری بەیانییەوە تا درەنگانێکی ئێوارە درێژەی کێشا.

**٤- میس بێل:** خاتوو گێرتروود مارگرێت لوسیان بێڵ (١٤ی تەمووزی ١٨٦٨-١٢ی تەمووزی ١٩٢٦)، خانمێکی نووسەر، گەڕیدە، سیاسەتمەدار، ڕۆژهەڵاتناس، شوێنەوارناسی سەر بە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا بووە، کە کاریگەرییەکی هێجگار زۆری لە داڕشتنی نەخش و سیاسەتی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیادا بە هۆی ئەو زانیاری و شارەزاییەوە کە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیهێنابوو لە میانەی گەشت و گەڕانێکی چڕ و پەیوەندیی بەرفراوانی لە وڵاتانی میسۆپۆتامیا و شام (سوریای گەورە) و ئاسیای بچووك (تورکیای ئەمڕۆ) و نیمچە دوورگەی عەرەبدا و بە زۆری بەوە ناسراوە کە لەگەڵ تۆماس ئێدوارد لۆرەنس (ناسراو بە لۆڕەنسی عەرەب)ی هاوڕەگەز و هاوپیشەیدا یارمەتیدەری دروستکردن و دامەزراندنی مەملەکەتی هاشمی بوون لەو دوو وڵاتەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە عێراق و ئوردن ناسراون. ئەم خانمە بریتانییە، کە زیاتر بە میس بێڵ و پاشان لە بەغدا بە خاتوون ناوبانگی دەرکرد لە سەر وەختی داگیرکردنی ئەم وڵاتەی ئێستا عێراق و پێشتر سێ ویلایەتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانلی بوو، لە ئاخر و ئۆخری جەنگی

جیهانیی یەکەمدا لەلایەن بەریتانیاوە، لەســۆنگەی ئەو ڕۆڵە ســەرەکییەوە کە گێڕای، لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقـدا و بە ســوودوەرگرتن لەو ئەزموونە جیـاکـار و دەوڵەمەنـدەی، کە لە میـانەی گەڕان و پێوەنـدییەکـانیـدا دروستیکردبوون لەگەڵ دەمڕاست و سەرۆك هۆزەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە تایبەتیی عەرەبەکـان. ئەم خـانمە لە مـاوەی ژیـانیـدا زۆر بەرز دەنرخێنرا و متمـانەی پێـدەکرا لەلایەن کـاربەدەســتە باڵاکانی بەریتانیاوە و دەســەڵاتێکی زۆر بەرفراوانیان پێدابوو وەك ژنێك لەو ســەردەمەدا و بەوە وەســف دەکرا کە "یەکێکە لەو کەمە نوێنەرانەی حکومەتی خاوەن شـکۆی بریتانیا کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە سـۆز و خۆشـەویسـتیی یادی دەکرێتەوە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: تۆفیق، محەممەد ســاڵح (٢٠١٦ز)، کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، ناوەندی توێژینەوەی مێژووی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

**٥- میجەرسۆن:** ئەفسەر، نووسەر، گەشتیارێکی سیاسی، زمانزانێکی لێهاتوو و پڕ بەرهەم و بەتوانا و کۆمەڵناسێکی گەورەی ئینگلیزی بوو، هێندە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی زانیوە کە بە زانا لەو زمانانەدا دەژمێردرێتم لە گەشت و مامەڵەی بازرگانیدا لە کوردســتان و لە ئێراندا بە ناوی **"میرزا غلام حوســێنی شــێرازی "** لە کار و ژیاندا بووە، لەو ماوەیەدا کەســێک نەبووە زانیبێتی کە ئەو بازرگانە ئینگلیز بووە. کەمڵێک نووســینی لە ســەر تاقیکردنەوەکانی خۆی نووسیوە، کتێبی گەشتێکی نهێنی بە میسۆپۆتامیا و کوردستاندا **(Mesopotamia and Kurdistan In Disguise)** کە لە ساڵی ١٩١٢چاپکراوە، یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکان دەربارە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کورد و جگە لەم کتێبەش چەندین کتێب ووتاری ورد و زانسـتیی لە سـەر زمان و کلتووری کوردی بڵاوکردۆتەوە. لە نیسـانی ساڵی ١٩١٩ تا ئاداری ١٩٢١ سۆن بۆتە ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی، لە گەڵ شێخ مەحموود دا نێوانی خۆش نەبووە و نەیانتوانیوە پێکەوە هەڵبکەن. لە ئەنجامدا ئەو پێوەندییە ناجۆرە بۆتە مایەی زیانمەندی بۆ پرسی کورد.

**٦- مستەفا پاشای باجەڵان:** یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەی خانەقین و پلەی نەقیبی ئەشرافی هەبوو، بەردەوام داکۆکیی لە مافی نەتەوەی کورد دەکرد، لە نێوان ناوبراو حکومەتی عوســمانیدا هەمیشــە هەڵپرژان و پێکدادانی بەردەوام ڕووی دەدا، ئەم پیاوە لە پێش ســەردەمی دەســتووریدا و لە ســەڵای ١٩٠٨ بە چەند ســاڵێک دوور خراوەتەوە بۆ ئەســتەنبوڵ، هەمیشــە لە لایەن تورکەکانەوە بە چاوی گومانەوە ســەیر کراوە، بە وەی کە ســەر بە بریتانییەکانە، لە سـاڵی ١٩١٢ لە شـاری بەغدا بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە پیاوێکی لە ڕووی سـیاسـییەوە ئاژاوەگێڕە بۆ ماوەیەک زیندانی کراوە.

**٧- ئارنۆڵد ویلسن:** حوکمداری موستەعمەرە و سیاسەتمەدار، لە ١٨ تەمووزی ١٨٨٤ لە کلیفتن لەبریستل لە دایکبووە. لە کۆلێژی شاهانەی سەربازیی زۆر بە سەرکەوتوویی دەرچووە و میدالیای مەلەکی و شمشێری تایبەتی پێبەخشراوە. لە ســاڵی ١٩٠٣ لە ســوپای تایبەتی ســیخ دا کاری کردووە. لە ١٩٠٩ گواســتراوەتەوە بۆ بەشــی ســیاســەت لە وەزارەتی کارو باری هـنـدســتـان و ئێرانیش خزمەتی کردووە. لە وێ ناو بانگی بە بەهێزی و زۆرزانی، بیرتیژی و لیهـاتوویی دەرکردووە. ئەفسەرێک بووە باوەڕی بە خۆی بووە. لە ساڵانی (١٩٠٩-١٩١١) لە موحەمەرە و لە ( ١٩١٢- ١٩١٣) لە بوشەهر کۆنســوولی بریتانیا بووە. بە جلوبەرگی ئێرانییەوە بە ناوچەکانی فارس و لوڕســتاندا گەڕاوە. دوو جار لە لایەن

خێلەکانی ئەو ناوچەنە گیراوە. بەڵام توانیویەتی لە دەستیان ڕابکات. لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا زۆربەی کاتەکان لە میسۆپۆتامیا بەسەر بردووە، لە ساڵی ١٩١٥دابۆتە جێگری سەرۆکی دەستەی ئەفسەرانی سیاسی، کە سێر پرسی کۆکس بوو، وەختێک کۆکس لە میسۆپۆتامیا دا یەکەی کارگێڕی دروست دەکات، ئەم یەکێک لە یاریدەرە سەرەکییەکانی بوو، لە کاتێکدا لە ئاداری ١٩١٨نوێنەری مەدەنی بریتانیا لە بەغدا بوو، بە گەڕانەوەی کۆک بۆ بەغدا وێلسن وازی لە کاری دەوڵەتی هێنا وبۆتە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- ئێرانی تا ساڵی ١٩٣٢لەو ئیشەدا ماوەتەوە. لە حوزەیرانی ١٩٣٣ تا مردنی لە ٣١ی مایسی ١٩٤٠بویتە ئەندامی پەرلمانی بریتانیا. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: غالیب، صەباحی (٢٠٢٣ز)، مێژووی کورد و کوردستان، دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی پەیمانی سیڤەر(١٩١٨-١٩٢٠)، توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، بەرگی یەکەم، دوو بەش، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٨- مێیجەر نوئێل:** ئەفسەرێکی پلە بەرزی بریتانی بووە، کە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەشداریی ئەو داگیرکارییەی ولاتەکەی کردووە کە هێزەکانی بریتانیا بۆ سەر عێراق جێبەجێیان کردووە. شارەزایەکی باشی لە زمانی فارسی و کوردی و عەرەبیدا هەبووە سروشتی هۆز و خێلەکانی نیشتەجێی هەردوو دیوی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی بە چاکی ناسیوە و لەو بارەشەوە گەڵێک نووسین و بڵاکراوەی هەیە. لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا کراوەتە ئەفسەری سیاسیی ناوچەی کەرکووک و یەکەمین حوکمداریێتی شێخ مەحمووددا، لە باشووری کوردستان، راوێژکاری مەدەنی بووە، لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩١٨دوای ئەوەی مێجەر سۆن جێگەی دەگرێتەوە، سلێمانی بەجێهێشتووە و بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردستان بووەتەوە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: جاف، حسین فضل الله (٢٠٠٧م)، البدرخانیون فی یومیات المیجر نوئیل، صحیفە الاتحاد، ٢٠٠٧/٩/٢٩.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

- ئارام، سەباح ( ١٩٩٨ز)، کفری کونترین شاری ناوچەی گەرمیان، گۆڤاری هاواری کەرکووک، ژ: ١، هەولێر.

- ئەبووبەکر، ئەحمەد عوسمان (٢٠٠٠ز)، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، و: محەممەد نووری تۆفیق، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٩٠ز)، کورد و شەڕی سوعێبە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٥.

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٧٥ز)، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠٠٥ز)، کورد لە چەند تۆمارێکی مێژووییدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

باوەر، ئەحمەد، (٢٠٢١ز)، کوردستان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا (١٨٤٧-١٩٢٦)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- تۆفیق، محەممەد ساڵح (٢٠١٦ز)، کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، ناوەندی توێژینەوەی مێژووی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی.

- تێگەیشتنی راستی (رۆژنامە) (١٩١٨ز)، ساڵی یەکەم، ٦ی ئایاری ١٩١٨، هەفتەی جارێک لە بەغداوە دەردەچوو.

- جوەیدە، وەدیع (٢٠٠٨ز)، جولانەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

- فرەیزەر، جیمس بیللی (١٩٩٨ز)، گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا لە ساڵی ١٨٣٤ز، و: ئومێدئاشنا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- فەتحوڵڵا، جەرجیس (٢٠٠٩ز)، وریابوونەوەی کورد (١٩٠٠-١٩٢٥) دوو بەرگ، وەرگێڕانی، حەسەن جاف، هەولێر.

- غالیب، صــەباحی (٢٠٢٣ز)، مێژووی کورد و کوردســـتان، دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی پەیمانی ســیڤەر(١٩١٨-١٩٢٠)، توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، بەرگی یەکەم، دوو بەش، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- کاکەســوور، محەممەد عەبدوڵڵا، (٢٠٠٠ز)، رۆڵی ســیاســی و کەلتووری ئەفســەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشووردا (١٩٢١- ١٩٤٥)، بڵاوکردنەوەی سەنتەری برایەتی، زنجیرە ٦، هەولێر.

- دەلۆ، حوســێن ئیســماعیل خان، (٢٠١٤ز)، ناوچەی کفری لە نێوان ســاڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)، لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی بارودۆخی رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ساڵح، سدیق (٢٠٠٧ز)، تێگەیشتنی راستی (١٩١٨-١٩١٩)، ئاراس، سلێمانی.

- سامی، شەمسەددین (٢٠٠٨ز)، قامووس ئەلئەعلام، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و: ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- سلێمان، سەباح عەلی (٢٠٢٤ز)، ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی دا (١٨٧٠-١٩١٤)، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجی ساڵی ٢٠٢٤.

- سەلیم، حەسەن عەلی (٢٠٠٠ز)، کفری شاری بەرەبەیانی مێژوو، لە یادکراوی ئەمڕۆ، گۆڤاری هەزار مێرد، ژ ١١، ساڵی سێیەم.

- شەوقی، رەشید (٢٠٠٣ز)، بە سەرهاتووی کاکە رەشید شەقی (سەرگوزشتە)، ئامادەکردنی؛ سدیق ساڵح، سلێمانی.

- شەریف، عومەر عەلی (٢٠٠١ز)، رۆڵی گەلی کورد لە جەنگی سوعێبەدا، رۆژنامەی برایەتی، ژ، (٣٣٥٥).

- مەنتک، کامەران (٢٠٠٠ز)، کوردســتان لە نێوان ملمڵانێی نێودەوڵەتی و ناوجەییدا (١٨٩٠-١٩٣٢)، دەزگای ســەردەم، سلێمانی.

- نەریمان، مستەفا، (٢٠٢٤ز)، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ (١٩٢٠)، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- مەکداول، دیڤید، (٢٠٠٥ز)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبووبەکر خۆشــناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- هاوار، محەممەد رەسول، (١٩٩٠ز)، شیخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، دوو بەرگ، چاپخانەی بلاک رۆز، لەندەن.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، (٢٠٠٦ز)، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**نامەکانی زانکۆیی بە زمانی عەرەبی:**

- ابراهيم، خضير عباس، (٢٠٠٥م)، استعمالات الارض الزراعيه فی قضاء خانقين، اطروحه دكتورا، غير منشوره كليه تربيه ابن رشد، جامعه بغداد.

- قيتولى، صلاح الدين انور منصور، (٢٠٠٧م)، التحليل الجغرافيا لسياسه التعريب فی قضاء خانقين (دراسه فی الجغرافيه السياسه)، رساله ماجستر منشوره، كليه العلوم الانسانيه، جامعه السليمانيه.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

- ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى،(١٩٨٩م)، تاريخ العراق المعاصر، مطبعه التعليم العالى فى الموصل، الموصل.

- بيل، ميس (١٩٧١م)، فصول من تاريخ العراق القريب، ت: جعفر خياط، مطبعه دار الكتب، بيروت، لبنان.

- البياتى، عبدالرحمن ادريس (٢٠٠٧م)، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجى) والنفوذ البريطانى فى كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، مطبعه شڤان، سلێمانيه.

- جاف، حسين فضل الله (٢٠٠٧م)، البدرخانيون فى يوميات الميجر نوئيل، صحيفه الاتحاد، ٢٠٠٧/٩/٢٩.

- الحسنى، عبدالرزاق (١٩٥٨م)، العراق قديما و حديثا، مطبعه العرفان، ط ٣، صيدا.

- الخلف، جاسم محمد (١٩٦٥م)، جغرافيه العراق، ط ٢، معهد الدراسات العربيه العالميه، القاهره.

- الدفتر، محمد هادى و عبدالله حسن، (١٩٥٨م)، العراق الشمالى، بغداد.

- شوانى، رفيق (٢٠٠٢م)، مشكله تعريب كركوك قديما و الى اليوم، كركوك بحوث الندوه العلميه حول كركوك، مطبعه وزاره التربيه، اربيل.

- فتح الله، جرجيس، (٢٠٠٢م)، يقظه الكرد تاريخ سياسى (١٩٠٠-١٩٢٥)، ئاراس، اربيل.

- نديم، شكرى محمود، (١٩٧٤م)، الجيش الروسى فى حرب العراق (١٩١٤-١٩١٧)، شركه النبراس للنشر و التوضيع، ط٣، مطبعه العانى، بغداد.

- منتيشاشفيلى، ا. م (١٩٧٨م)، العراق فى سنوات الانتداب البريطانى، ت: هاشم صالح التكريتى، مطبعه جامعه بغداد.

- ميجرسون، ميرزا غلام حسين شيرازى (٢٠١٨م)، رحله متنكر الى بلاد بين النهرين و كردستان، ترجمه فواد جميل، لندن.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

- كرزن، جورج، (١٣٧٣ه.ش)، ايران و قضيەی ايران، دو جلدى، ترجمه: وحيد مازندرانى، نشر علمى فرهنگى، تهران.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Bell & Vilson (1920), Review of the Civil Administration of Mesopotamia, Iraq, Politics and Government, London.
- Bill, Gertrude Lowthian (1920). Review of the Civil Administration of Mesopotamia 1914-1920, London.
- James Barr, simon & Schuster (2011), A Line in the sand (Britain, France & the Struggle for The Mastery of the Middle East), London.
- Sir Percy Sykes, A History of Persia, 2 Vols. (London; Macmillan, 1915), 43ff: Gustave Semorgny, La Question Persane et la guerr, la rivalite anglo-russe en Perse (paryise: L. Tenin, 1916), 284ff.